سودانی بەشداری لە ئاهەنگی دەرچوونی خولی ئەفسەران کرد

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، مەحەمەد شیاع سودانی ئەمڕۆ شەممە (30 ئەیلولی 2023) بەشداری لە ئاهەنگی دەرچوونی خولی 28ی پەیمانگای باڵا و خولی 53ی پۆلیسیاندنی ئەفسەران کرد، کە لە بینای پەیمانگاکە لە بەغدای پایتەخت و بە ئامادەبوونی وەزیری ناوخۆ بەڕێوەچوو.

لە میانەی ڕێوڕەسمەکەدا سودانی وتارێکی پێشکەش کرد و پیرۆزبایی لە ئەفسەرە دەرچووەکانی ئەم خولە کرد و جەختی کردەوە لەوەی کە پۆلیسیاندنیان بە لە ئاستە گرتنی بەرپرسیارێتی و بەرگریکردنە لە عێراق و خەڵکەکەی لە دژی هەموو مەترسییەک، هەروەها لەسەر هەمان ڕێچکەی ئەو ئەفسەرانەی پێشویان بەردەوام دەبن کە بەرگریان لەم خاکە کرد لە سەختترین و بە هێواترین بارودۆخدا.

لە دەقی وتارەکەی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق هاتووە: ئەمڕۆ ئێوە یەکەم هەنگاو دەنێن لە ڕێگای بەرپرسیارێتیدا، ئەمەش پێویستی بەوە شایستەی هەڵگرتنی بن، زۆرێک لە ئێوە ئەرکەکانی خۆتان لە فەرمانگە مەدەنییەکان جێبەجێ دەکەن، کە گرنگیان کەمتر نییە لەوەی ئەفسەرەکان لە سەنگەری شەڕدا ئەنجامی دەدەن، تێبینی: ئاسایشی هاستقینە کاتێک دەست پەدەکات کە خزمەتگوزاری گشتی بە هاوڵاتیان دابین بکەین، و هاوڵاتی هەست بکات کە دەوڵەت گرنگی بە کاروبارەکانی دەدات و ئاسانکاری بە کارەکانی لە فەرمانگەکان بکات، جەختی کردەوە، کە پێویستە بنەماکانی مافی مرۆڤ لە کردارەکانی

ژانی ئەفسەری ئاسایش و جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا هەبێت.

سودانی هاشیگیاند: تیرەرستان ئەستا یەچ هەزکیان نییە و بووتە گروپی بچووک و ترساو و شاراوە، هەروەها پێویستە هەزە ئەمنییەکانمان لە ئاستکی بەرزی ئامادەکاریدا بن، و پلانەکانیان لەسەر لایەنی پشوخت بێت و بەپێی داتای هەواگری بنیاتی بنێن.

وتیشی: مەترسی بەڵای مادد هەشبەرەکان کەمتر نییە لە بەرەنگاریەکانی تیرەرستانی داعش، چونکە هەڕەشە لە ئاسایشی کەمەڵایەتی دەکات و پارەی بازرگانییەکی بە دارایی تیرەر دەقەزرێتەوە و پێویستە هەوڵەکان دوو هێندە بکرێن بە کۆنترۆڵکردنی سنووری‌کان و کاربکرێت بە بەرەنگاربوونەوەی مادد هەشبەرەکان و تاوانە ڕێکخراوەکانی باند سنوور بڕنەکان.

سودانی لەبارەی چاکسازی وتی: چاکسازی لە دامەزراوەی ئەمنیدا لە پێشینەی کارەکانی حکومەتە، بە دووبارە بنیاتنانەوەی پێکهاتەکانی و هاوسەنگ بوون لەگەڵ نوێترین پێشهاتەکانی هاهێنان و تێکنەلۆژیای ئەمنی، لە ڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییەوە، هەروەها حکومەت کاری کرد بە پێگەیاندنی هەزە ئەمنییەکان لە ڕێگەی گەیاندنەوەی 34 هەزار کەس لەوانەی کە گرێبەستکانیان هەڵوەشایەوە، جەختی کردەوە کە گرێبەست لەگەڵ دەیان هەزار کەس کرا بە ئەوەی کەسانی نوێ بخەنە ناو دامەزراوە ئەمنییەکانەوە و پێکهێنانی لیوای نوێی لە پۆلیسی فیدرالی و هەزەکانی پاراستنی یاسا.